٢٠١٦


ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

بەشی ئابوری

# گازی سروشتی هەرێمی کوردستان
## لەهاوکێشە نێودەوڵەتیەکاندا

Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

کانونی یەکەم



ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن # د.غالب محمەد ئامادەکراوە

- ئەندامی ژوری ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان
- سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
- خاوەنی دکتۆرا لەشیکاری نەوت

پێرست


گازی سروشتی چیە؟.......................................................................... **Error! Bookmark not defined.**

گاز لە پێکهاتەی وزەی جیهاندا .......................................................................................... ٢

شوێنی گازی  سروشتی لە ئاستی وزەی دونیادا لەم ساتە وەختەدا ............................................................. ٢

یەدەکی گاز لەسەر ئاستی دونیا................................................................................................ ٢

یەدەکی گازی سروشتی لە  دونیادا دابەشبووە بەسەر چەند وڵاتێکدا ................................ **Error! Bookmark not defined.**

چۆنێتی گواستنەوەی گازی سروشتی ...................................................................................... ٢

خاڵە باشەکانی گازی سروشتی .............................................................................................. ٢

گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان ...................................................................................... ٢

دانا گاز.............................................................................................. **Error! Bookmark not defined.**

بلۆکەکانی گازی هەرێمی کوردستان ..................................................................................... ٢

رۆلێ وڵاتان لە بەرهەم هێنانی گازی هەرێمدا................................................................................ ٢

بەکورتی .............................................................................................. **Error! Bookmark not defined.**

سەرچاوەکان ........................................................................................................ ٢

# گازی سروشتی چیە؟

* گازی  سروشتی گازێکە پێکهاتوە لە تێکەڵەیەکی هایدرۆ کاربۆنەکان (ماددە هایدرۆ کاربۆنەکان)، لە ژێر قوڵایی (٢ تا ٣٬٥٠٠) مەتری ژێر زەویدایە، پێی دەوترێت وزەی (فۆسیلی) زۆربەی پێکهاتەکەشی بریتیە لەگازی  (میسان)، هەروەها بەشێکی کەم لە پێکهاتەی چەن گازێکی تری وەك (ئیسان، پرۆپان، بیوتان و پێنتان).

ئەوەی سەرەوە پێناسەی گازبوو بەشێوەیەکی زانستی.

لەدونیایی ئەمرۆدا گاز جگە لەو پێناسە زانستیە، کۆمەڵێك بایەخی تری هەیەو لێکدانەوەی تری بۆدەکرێت، چونکە ئەمرۆ گاز بوە بە چەکێکی سیاسی لە پێش ئەوەی سەرچاوەی داهاتووی ئابوری بێت بۆ وڵاتان، ئەو وڵاتانەی گازیان هەیە نەیارەکانیان بەو وزەیە چاوبەست و بێدەنگکردوەو دونیایی ئەمرۆش پێویستی زۆر بە وزەهەیە، بەتایبەت وەزەی گاز کە چەندین کوالیتی باش و شیاوی هەیە لە روی بەرکارهێنانەوە کە لەبەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا باسی لێوەدەکەین .

# گاز لە پێکهاتەی وزەی جیهاندا

لە مێژویی مرۆڤایەتیدا چەند قۆناغێك تێپەری کردوە بەتایبەت لە رویی وزەوە، لەسەرەتادا ئێمە لە قۆناغی بەردینەوە دەست پێدەکەین کە قۆناغێکی سەرەتایی بوەو وزەیەکی ئەوتۆی تێدا نەبووە، دوای ئەو سەردەمەش مرۆڤ درەختی بەکارهێناوە بۆ ژیانی رۆژانەی خۆی، ئەوەشمان بیر نەچێت لە دێر زەمانەوە نەوت بونی هەبوەو بۆ چەند بابەتێك بەکارهاتووە، وەك بابلیەکان بۆ (بیناو روناکی و چەن شێوازێکی تر بەکاریان هێناوە) دوای ئەوە فیرعەونیەکان بۆ (مۆمیا کردن و زەردەشتیەکانیش وەك ئاگر بەکاریان هێناوە)، دواتریش لە زۆر شوێنێکی دوینا نەوت بەشێوەی ئاو لەسەر زەوی بونی هەبوەو وەك (گەرمیان لە ناوچەی خانەقین و لە سنوری ئێرانیش لە ناوچەی (مەسجد سلێمان)، بۆیەکەم جار نەوت لە ساڵی ١٨٥٩ لە ویلایەتی پەنسیلڤانیای ئەمریکا دۆزراوەتەوە، لە سنوری رۆژهەڵاتی ناوەراستیش لە ساڵی ١٨٨٩ لە وڵاتی ئێران نەوت دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەو نەوتە تەنها دوو مانگ نەوتی داوەو دواتر وشکی کردوە دواتر لە ساڵی ١٩٠١ لە ناوچەی گەرمیان لە لە گوندی چیاسورخی سەربە قەزای خانەقین دۆزراوەتەوە .

کەواتە دەتوینین قۆناغەکانی پەرەسەندنی وزە بەم شێوەیە دیاری بکەین:

**یەکەم**: سەدەی (١٩) سەدەی غەڵوز بوە وەك وزە بەکارهاتوە لەلایەن وڵاتانەوە، بەتاییەت بۆ کارگەو گواستنەوەی ئاو وشەمەندە نەفەریش بەکارهاتوە، کە دەتوانین بڵێن ئەو کاتە نزیکەی (١٠٠%) وزەی جیهاندا لەسەر کانەکانی خەڵوز بووە .

**دووەم**: سەدەی بیست و کۆتایی سەدەی (١٩) نەوت دێتە بەرهەم مرۆڤەکان پێی ئاشنا دەبن، ئەوش قۆناغێکی گرنگی پەرەسەرندن بوە لە بەرهەم هێنانی وزەدا، دوایی کە توانرا لەلایەن چەند ئەندازیارێکەوە بپاڵێورێت و بەرهەمەکانی جیا بکرێتەوە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرتایش بێت، گرنگی نەوت بەکورتی بەوە رون دەبێتەوە کە لە هەموو جەنگە جیهانیەکاندا، وڵاتە زلهێزەکان هەمیشە هەڵپەی ئەو شوێنانەیان کردوە کە لەرویی وزەوە دەوڵەمەندە بەتاییەت نەوت .

**سێیەم**: سەدەی بیست و یەك، شارەزایانی نەوت گاز و بەگشتی وزەش، ئەم سەدەیە بەسەدەی (گاز) ناوزەد دەکەن، ئەگەرچی پێشتریش گاز بونی هەبوە، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی لە دەرهێنان و دەست کورتی تەکنەلۆجیاوە نەتوانراوە بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت بەڵام ئێستا تەکنەلۆجیا دەستی بە زۆر کەلەبەر دەگات و گازی سروشتیشی لەدەست گیر نابێت.

لەبەرئەوەی ئەم سەدەیە کلیلەکەی دەکەوێتە دەست ئەو وڵاتانەی خاوەنی زۆرترین گازی سروشتی هەربۆیە فشاری ئەو وڵاتانە لەروی سیاسی و ئابوریەوە بەرز دەبێتەوەو لە ئاستی جیهانیشدا زیاتر دەست کراوە دەبن.



# شوێنی گازی سروشتی لە ئاستی وزەی دونیادا لەم ساتە

لە ئاستی دونیادا ڕۆژانە بە ملیارەها دۆلار لە بەکار بردن و بەرهەم هێنانی وزەدا خەرجدەکرێت، جۆرەکانی وزەش لەسەرەوە باسمان لەهەندێکیان کرد کە لە چوار چێوەی توێژینەوەکەی ئێمەدا جێگەیان دەبێتەوە.

ئەگەر بێت و ڕۆژانە بڕی ئەو وزەیە لەدونیادا بەکاردەبرێت دابەشبکەین بۆ سەر جۆرەکانی وزە ئەوە بەم شێوەیە دەبێت.

**یەکەم:** ٣٥٬٨ % ی ئەو وزەیە بەکار دەبرێت بریتیە لە نەوت.

**دووەم:** ٢٨٬٤ ی بریتیە لە خەڵوز.

**سێیەم:** ٢٣٬٧% بریتیە لە گازی سروشتی.

**چوارەم:** ٥٬٨% بریتیە لە وزەی ئەتۆم.

**پێنجەم:** ٦٬٣% بریتیە لە کۆی جۆرەکانی تری وزە.


کەواتە بڕی ئەو وزەیەکە بەکاردەهێنرێت لەرویی زانستیەوە بری (٨٧٬٩%)ی پێی دەوترێت وزەی (فۆسیلی) کەخۆی دەبێنێتەوە لە نەوت، گاز و خەڵوز، (١١٬١%)یشی بریتیە لە جۆرەکانی تری وزە

هەرچەندە لە ریزبەندەکەدا گازی سروشتی لەرووی بەکاربردنەوە لەئاستی سێهەمی جیهاندایە، بەڵام وەك پێشتریش وتمان ئەمرۆ گازی سروشتی بەشیوەیەکی گرنگ ئاوری لێدراوەتەوەو رەنگە لە داهاتویەکی نزیکدا خواست لەسەر ئەو وزەیە چەند بەرامبەر ببێتەوە.

بەپێی ئامارێکی ساڵی (٢٠١٣) کەبڵاوکراوەتەوە، ئەو گازەی لە دونیادا بەکاردەهێنرێت بەم شێوەیە:

أ. ٣١٬١٣% بۆ کارەبا.
ب. ٣٤٬٠٥% بۆ پیشەسازی.
ج. ١٨٬٨٢% بۆ ماڵان و پێداویستیەکانی رۆژانەیان بەکار دێت.
د. ١٢٬٥٦% بۆ بازرگانی بەکار دێت.
ه. ٣٬٤٤% بۆ گواستنەوە بە کار دێت.

# یەدەکی گاز لەسەر ئاستی جیهان




یەدەکی گازی سروشتی لەسەر ئاستی دونیا لەنەوت جیاوازە، ئەتوانین بڵێین دادپەروەرانەترە لە رووی دابەشبونی جوگرافییەوە، چونکە یەدەکی گاز دابەشبووە بەسەر چەندین وڵاتی جیاوازدا، بری (١٨٧) ترلیۆن مەتر سێجا گاز لە هەموو جیهاندا هەیە، کەبەشێکی زۆری دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەراست. یان بەمانایەکی تر زۆری دەکەوێتە وڵاتانی کیشوەری ئاسیاوە، ئەوەش وایکردوە دیسانەوەی روی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاش جارێکی تر بەرەو رۆژهەڵات بێت و چاوی لەسەر لانەبەن، چونکە ئەوە ئەورپایە کەپێویستی بە وزەیە بۆ ژیانی رۆژانەو بەگەرخستی کارگە گەورەکانی بەرهەم هێنان، لەبەرئەوەی ٦٠% ئەو گازەی بەرهەم دێت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو ئەوروپا ئەچێت و ئەوان بەکاری دەهێنن، خودی ئەورووپاش ئەو رێژە گازەی تێیدایە تا (٢٢)ساڵی تر ئەتوانێت بەشێك لە پێداویستیەکانی خۆی دابین بەکات، دوای ئەوەی بەیەکجاری هانا بۆ روژهەڵات دەهێنێت، وەك شارەزایان دەڵێن: رۆژهەڵاتی ناوەراست دەتوانێت (٢٠٠)ساڵی تر گازی ئەوروپا دابین بکات و ئەوەش وایکردوە ئەوروپا هەمیشە چاوی لە رۆژهەڵات بێت و بیەوێت وەك سەرچاوەیەکی لەدەست نەچوو بمێنێتەوە و کۆنترۆڵی ئە و زەیە بکات کە بۆ ئەوروپا تامی ژیان ئەدات.

# ١٠ گەورە یەدەگەکەی جیهان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | روسیا | ٤٤’٣٨ |
| ٢ | ئێران | ٢٩’٦١ |
| ٣ | قەتەر | ٢٥’٣٧ |
| ٤ | تورکمانستان | ٨’١ |
| ٥ | سعودیە | ٧’٩ |
| ٦ | ئیمارات | ٦’٤ |
| ٧ | هەرێمی کوردستان | ٥’٧ |
| ٨ | جەزائر | ٤’٢ |

مسر ٢’١٩ | نەرویج:٢’٠٥

٩ ١٠

**تێبینی:**

ئەو وڵاتانەی کە یەدەکیان کەمتر بوە لەو رێژەیە ئێمە دیاریمان نەکردوە.

عێراق رێژەیەکی زۆری گازی سروشتی تێدایە، بەڵام بەهۆی نەگەڕانی کۆمپانیاکان تا ئێستاش ئەو رێژەیە یەکلایی نەکراوەتەوە، رێژەی گازی هەرێمی کوردستانیش بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دیاری کراوە.



# چۆنێتی گواستنەوەی گازی سروشتی

گواستنەوەی گاز جیاوازە لە نەوت، چونکە گاز بەشێوەیەکی ئاسان ناگواسترێتەوە، بۆنمونە ناتوانیت گاز بەتەنکەر بگوازیتەوە . گواستنەوەکەی بە چەند شێوەیەکە لەوانەش:

**یەکەم**: بەرێگەی لولە (پایپ)، دوایی دەرهێنانی گازی سروشتی پێویستە، شیرین بکرێت. بەواتایەکی تر چەند مادەیەکی لێدەر دەهێنرێت وەك (گۆگرد، نایترۆجین و ئاو)، دوایی ئەوە لەرێگەی بۆریەوە دەگوازرێتەوە. رێژەی ٩٠% گاز بەم شێوەیە دەکرێت لە جیهاندا.

لەزۆرێك لە وڵاتاندا بەهۆی دواکەوتویی لەروی تەکنەلۆجیاوە ناتوانن باش سود لە گازەکەیان ببینن، بۆنمونە وڵاتی عێراق لەکاتی دەرهێنانی نەوتدا بەشێکی گازی سروشتی لەگەڵ نەوتەکەدا دێتە دەرەوە لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیای شیرینکردن و بۆری گواستنەوەی نیە بۆیە ئەو گازە دەسوتێنریت و سودی لێنابینرێت، بەوهۆیەشەوە عێراق ساڵانە زیانی (٢)ملیار دۆلار دەکات.

**دووەم**:

ا) ئێل، ئێن، جی (Liquefied Natural Gas): ئەو رێگەیەش بریتیە لە گۆرینی گازی شل بۆ دۆخی شلی، پاشان بەرێگەی باخیرە و لەرێگەی ئاووەوە دەگوازرێتەوە، ئەو وڵاتانەی لەم شێوەیە سود وەردەگرن بریتین لە وڵاتانی سەردەریا وەك باشوری ئاسیا و باشوری ئەوروپا.

ب) هەندێك جار گازەکە خۆی لەدۆخی شلی دایەو بە تەنها نەختێك پەستان ئەبێت بە گازی شل وەك (ئێڵ، پی، جی L,P,G) کە ئەویش واتە (Liquefied Petroleum Gas) ئەوەش پێی دەوترێت گازی شل کە پێکهاتەکەی لە (پرۆپان و بیوتان) پێکدێت، زیاتر گازی ماڵانەو بەکار دێت بۆ ئۆتمبێلیش، دواتر بەهەمان شێوە دەنێردرێتە دەرەوە.

## خاڵە باشەکانی گازی سروشتی

١. باشترین جۆری وزەیە لەڕوی کوالیتی و هەرزانیەوە بۆ سوتەمەنی و گەرمکردنەوەی ماڵان.
٢. بنچینەی گازی سەرەتاییە بۆ گشت کارگە کیمیاویەکان.
٣. بەشێوەیەکی گونجاو دەتوانرێت لە وێستگەی وزە بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا.
٤. باشترین جۆری وزەی فۆسیلیە کە ژینگە لە ئەنجامی سوتانیدا پیس نابێت واتە گازی ژەهراوی و ژینگە پیسکەر لەبەرهەم هێنانیدا زۆر بەکەمی دەردەچێت و ئەوەش کاریگەری لەسەر ژینگە نابێت.





# گازی سروشتی لە عێراق

سەرچاوەکانی گازی سروشتی لە عێراق سێ سەرچاوەی سەرەکین:

**یەکەم:** لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوتدا بەتەریب لەوێستگەکانی پاڵاوتنی نەوتی خاو (ئەسۆشەیتت گاز) یان (associated gas field) .

**دووەم:** لەکێڵەگەکانی گازی سروشتی (non_ associated gas) .

**سێیەم:** گازی ئازاد (located under oil field).

بەرێژەی (٧٠%)ی گازی سروشتی عێراق ئەو گازەیە کەلەگەڵ نەوتی خاودا بەرهەم دەهێنرێت، کەواتە پێی ئەوترێت (غاز المصاحب) ئەو گازەش لە باکوری عێراقە لە کێڵگەکانی کەرکوك (خورمەڵەو بایی حەسەنە) بونی هەیە، لەگەڵ باشوری عێراق لە کێڵگەکانی (رومەیلەی باکور و باشور، کێڵگەی زوبێر) .

وەهەروەها بەرێژەی ٢٠%ی گشت سامانی گازی سروشتی لەوڵاتی عێراق بەشێوەیکی بەربڵاو لەباشور تاباکور لەزۆربەی پارێزگاکاندا نزیکەی (١٠)کێڵگەی مەزنی گازی سروشتی لەخۆ گرتوە کە ئەو گازەش لە جۆری دووەمی گازە کە لەسەروە باسمان لێوەکرد، وەك ناوچەکانی (مەنسوریە، جیراپیکا) لەپارێزگای دیالە، (عەکاز) لە پارێزگای ئەنبار، چەمچەماڵ میران لە پارێزگای سلێمانی و کۆرمۆر لەپارێزگای کەرکوك، (سیبا) لە پارێزگای بەسرە.

بەرێژەی (١٠%) پێی ئەوترێت گازی (کەپ)ئەویش گازی ئازادە کە لە ژێر کێڵگە نەوتیە خاوەکاندایە.

ئەوەش بوترێت لە ساڵی ٢٠١٠ وە عێراق هەوڵیداوە بەرهەمی گازی سروشتی زۆر بکات برەکەی بگەیەنێتە (٩٠٠)ملیۆن پێ سێجار، وەهەر بۆ ئەو مەبەستەش داوای لەکۆمپانیاکانی جیهان کردوە بەمەبەستی پەرەپێدانی سێ کێڵگەی گەورە لە پارێزگای ئەنبار و بەسرە و دیالە کەلە نێوان خۆیاندا لەسەر کەمترین نرخ رێکبکەون، بۆئەوەی ولاتی عێراق کیڵگەکان بداتە دەستیان، هەرچەندە تا ئەم ساتە وەختەش عێراق تەنها بەرێژەی ٤% تەرکیزی کردوەتەوە سەر وزەی گازی سروشتی ٩٦% تەرکیزی لەسەر نەوت بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەدوایی روخانی رژێمی پێشووەوە نەیتوانیوە لەرویی ئامێر و کەرەستەو تەنانەت پلانیشەوە بەرەو پێشچوون بەدی بێنێت لەوری بەرهەم هێنانی گازی سروشتیەوە.



# گازی سروشتی
# هەرێمی کوردستان

**لەهەرێمی کوردستاندا** جگە لە نەوت  برێکی باش گازی سروشتی بونی هەیە کە بەپێی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە (٥،٧) ترلۆن مەتر سێجا خەمڵێنراوە، ئەوەش لەروی ریزبەندیەوە هەرێمی کوردستان دەکات بە هەشتەم وڵات لەئاستی وزەی گازدا و رێژەکەشی زیاتر لە ٣% هەموو رێژەی گازی دونیا دەکات.

سەرچاوەکانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانیشدا بەهەمان شێوەی عێراق لەو سێ سەرچاوەیەوە  دەست دەکەون کە باسکراون لەبەشی سەرەوەی راپۆرتەکەدا.

هەرێمی کوردستان رێژەیەکی زۆر لەو گرنگیەی کەپێی ئەدرێت لەلایەن وڵاتانی دونیاوە دەگەرێتەوە بۆ هەبونی وزەیەکی باش لە سنورەکەیدا بەتایبەت نەوت، بەڵام وەك وتمان رای شارەزایان وایە کە ئەم سەدەیە سەدەی گازی سروشتی ئەبێت بۆیە هەمیشە هەرێمی کوردستان وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناو دونیایی وزە ئەمێنێتەوە (ئەڵبەتە ئەگەر کەسانێکی سەرلەکار دەرچوو رێبەرێتیمان بکەن)، گازی سروشتی وای لەکۆمپانیاکانی دونیا کردوە بایەخیان بەلای هەرێمدا زیاتربێت، ولاتانی زلهێزیش هەنوکە ئاسایشی هەرێمیان بەلاوە گرنگە، خۆئەگەر وەك ئێستا چەند کەسێکی دیاری کراو نەخەشەی رێکەوتنەکان بکێشنەوەو تەنها حزبێك نوێنەرمان بێت ئەوە بەرژەوەندیەکەش لە سنوری ئەو حزبە ناچێتە دەرەوەو دواتری ئێمە گرەوەکە ئەدۆرێنین و هاوشێوەی نەوت ئەو کارتە گرنگەش ئەدۆرێنین کە گازی سروشتیە، ئێمە ئەتوانین لەرێگەی گازی سروشتیەوە سەرجەم کۆمپانیا گەورەکانی دونیا بهێنینە هەرێمی کوردستان و بایەخی وڵاتەکانیشیان بەلایی پاراستنی ئارامی هەرێمدا رابکێشین، گازی سروشتی ئەتوانێت سەرچاوەی پەیوەندیەکی دیبلۆماسی ئێمەبێت بەشێوەیەك نەمان کات بە خزمەتکاری وڵاتێك و کەسیشمان لێ نەرەنجێنێت بەڵکو دۆستی هەموان بین و خۆشمان بەخۆشگوزەرانی بمێنینەوە، ئەویش تەنها بەسیاسەتێکی حەکیمانە ئەکرێت.

کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا دەست بەکار نەبون و تەنها کۆمپانیایەك کەلە کوردستان کاربکات کۆمپانیای دانا گازە.

# داناغاز

کۆمپانیایەکە وەبەرهێنان ئەکات لەکەرتی گازدا، پێکهاتوە لە سێ کۆمپانیایی گەورە (دانا، هیلال و گرێسنت پترۆلیۆم)، لە سێ وڵاتی گرنگی دونیا کارئەکەن لەبواری بەرهەم هێنانی گازدا کە (عێراق (هەرێمی کوردستان)، میسر و ئیمارات) .

ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی (٢٠٠٧)وە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کردووە گرێبەستەکەش لەگەڵ ئاشتی هەورامی و نێچیرفان بارزانیدایەو تائێستاش رون نیە بنەماکانی چین، ئەوەی باسی لێوەدەکرێت گرێبەستەکە زیاتر لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکەیە نەك حکومەتی هەرێم، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٥٧ گرێبەستی کردووە بەڵام لە وێب سایتی وەزارەتی سامان سروشتیەکان ٤١ گرێبەست هەیە و ١٦ یان دیارنیە، یەکێك لەوانەش گرێبەستی دانا گازە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەم دوو بەرپرسەی حکومەتی هەرێم بۆچی دانیان بە گرێبەستێکی لەو شێوەیە داوەو چ سودێکیان بە خۆیان و میللەتەکەیان گەیاندووە بەوکارەیان .!؟

بەپێی راپۆرتێکی خودی کۆمپانیایی دانا گاز کە لە (شاریقە) لە ئازاری ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە باسی لەوە کردووە، دوای (١٦) مانگ دانا گاز توانی لە بلۆکی کۆرمۆری گازی سروشتی دەربکات و بەرهەمی بێنێت هەروەها توانی (١٧٤) کیلۆمەتر بۆری راکێشێت بۆ بنکەی بەرهەم هێنانی کارەبا کە (٢٤)تۆربابنەو دانا گاز توانیویەتی بۆ بەهەمهێنانی کارەبایی هەردوو پارێزگای (هەولێر و سلێمانی) گازدابین بکات، دوو پاڵاوگەشی داناوە بۆ پاڵاوتن و بەرهەم هێنانی گازی سروشی.

لەدوایی ساڵی (٢٠٠٩)دا کێشەکانی نێوان دانا گاز و وەزیری سامانە سروشتیەکان دەستی پێکردووە رێگەیان پێنەداوە پەرە بەئاستی بەرهەم هێنانیان بدەن.

لەساڵی (٢٠١٣)دا کێشەی نێوان  حکومەتی هەرێم و دانا گاز ئەچێتە دادگاو ئەو کاتیش حکومەتی هەرێم (١٠٠) ملیۆن دۆلاری بە کۆمپانیاکە دۆراند واتە پێش شەری داعش و کێشیەکانی، دواتریش ئەو کێشەیە بەردەوامی هەبوەو لە ماوەی چەند مانگی رابردودا رون بویەوە کە دیسانەوە کۆمپانیای دانا گاز نزیکەی (٢) ملیار دۆلاری لە حکومەتی هەرێم بردوەتەوە لەرێگەی سکاڵایەکی تری ئەو کۆمپانیایەوە لە حکومەتی هەرێم. ئەوەش بەشی موچەی (سێ)مانگی فەرمانبەرانە لەم ئان و ساتە قەیراناویەدا.

هەربەپێی ئەو راپۆرتەش هاوتای (٧٩) ملیۆن بەرملی نەوت لەمانگی تشرینی (٢٠٠٨) تا ئازاری (٢٠١٣) بەرهەم هێنراوە، کە گەشتن بەرێژەی بەرهەمهێنانی هاوتای (٨٨)هەزار بەرمیل نەوت لەیەك رۆژدا ئەوەش بەتەنها لە بلۆکی کۆرمۆری سنوری گەرمیان (چەمچەماڵ)، کەواتە ئەو رێژەیەش ئەگەر بە گازی سروشتی بپێورێت ئەبێتە هاوتایەکی (٣٤٠) ملیۆن پێ سێجای گاز بەشێوەیەکی رۆژانە و (١٥)هەزار گازی شلی چرکراو ئەویش هەربەشێوەی رۆژانە، کەواتە کۆی گشتی بەرهەمەکە (١٧٥) ملیار پێ سیجا لەگاز و ١٦٬٥ ملۆن بەرمیل لەگازی چرکراو شلەکانی لەلایەن کۆمپانیاکەوە بەرهەم هاتوە لەوەتەی دەستی کردوە بەبەرهەمهێنان لەمانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨)وە.

ئەو رێژەیە لەبەرهەمهێنان ئەبوایە تائێستا هیچ نەبێت گرەوی (٢٤) کاتژمێر کارەبایی بۆ هاوڵاتیانی هەرێم بکردایە، ئەگەر خۆشبەختیەکەش بە هاوڵاتیانی هەرێم رەوا نەبینراوە، گرنگی ئەو هەرێمە لەوێدا سامانەکەی سروشتیەو بەناوی سەرجەمی هاوڵاتیانەوەیە، بەڵام خاوەنەکەی تەنها چەند کەسێکن و دەستی نەرم و سپی و سۆڵیان لەسەر سکی تیر داناوەو خەڵکە ئەنفالکراو بەش خوار و رەش و روتەکەشی دەستی ماندویان لەسەر سکی برسی داناوە، مەتەڵی ئەم هەرێمە کەوتوەتە ئەوێوە کە هەموو دونیا سەرنجی لەسەرێتی بەڵام بۆخۆی بەدەست چەند سیاسیەکی بێبەرنامەو  چەند وەزیرێکی جوت وەزارەتەوە  سامانی دیارەو داهاتی نادیار.




# بلۆکەکانی گازی
# هەرێمی کوردستان

## یەکەم: بلۆکی چەمچەماڵ

لەزێی بچوکەوە تا سەر ڕووباری باسەڕە درێژ دەبێتەوەو شاری چەمچەماڵ لەسەر ئەم بلۆکەیە، ڕووبەرەکەی ١١٦٩ کیلۆمەتر دووجایە، جگە لەنەوت کێڵگەیەکی گەورەی گازی تێدایە کە درێژیەکەی نزیکەی ٨٠ کیلۆمەترو پانی پتر لە١٠ کیلۆمەترە، بڕی ٢٫٠٧ تریلیۆن مەتر سێ جا گازی تێدایە .

## دووەم: بلۆکی میران

لەتاسلوجەوە دەست پێدەکات و دریژایی رێگای دوکان سلێمانی و بەشێك لە ناحیەی ئاغجەلەرەو شارۆچکەی بازیان و سەیرانگایی چەمی رێزان دەگرێتەوە، روبەرەکەشی (١١٠١٥)کم دوجایە، دوکێلگەی گەورەی تێدایە (میران رۆژهەڵات کەبری (١)ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە)هەروەها دەستکراوە بەلێدانی بیرێك تێدا . (میران رۆژاوا)، بەپێی راپۆرتی سامانە سروشتیەکان ئەم بلۆکە (٥٧)ملیۆن بەرمیل کۆندێنسەیت (گازی شل)ی تێدایە. (٧٫٤) ترلیۆن پێی سێجا گازی سروشتی تێدایە، کەئەوەش رێژەیەکی زۆرەو بەیەکێك لەکێڵگە گەورەکانی هەموو عێراق و ئەتوانێت زیاتر لە (٥٠)ساڵ گازی سروشتی بداتە تورکیا و بەشێك لە پێداویستیەکانی پربکاتەوە.

## سێیەم: بلۆکی کۆرمۆر

دەکەوێتە ناحیەی قادرکەرەمی سەر بەقەزای چەمچەماڵەوەو ڕووبەرەکەی ٥١٠ کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە ١٫٨ تریلیۆن مەتر سێجا گازی تێدایە، دانا گازو کریسنت ئۆیڵ بڕی یەك ملیار دۆلاریان تێدا وەگەڕخستوە، بەپێی ڕاپۆرتی هەردوو کۆمپانای نەفت هیلال‌و دانا گاز سەرەتا لە ساڵی (٢٠٠٨) دەستیان بە بەرهەمهێنان کردوەو ڕۆژانە ١٥٠٠٠ بەرمیل کۆندێنسەیتی شل (پێکهاتەی نەوت و گاز) یان بەرهەمهێناوە، پاشان ڕێژەکەیان بەرزکردووەتەوە بۆ ٧٠٠٠٠ بەرمیل لەڕۆژێکداو سەرەڕای بەرهەم هێنانی ٣٣٠ ملێون پێ سێجا گاز لەڕۆژێکدا.

### چوارەم: بلۆکی کوردەمیر

خوارووی ناحیەی سەنگاوو باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوەو تا سەر ڕووباری سیروانو ڕوبەرەکەی ٦٢٠ کیلۆمەتر دووجایەو بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی ٤,١٢٩ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە کە زیاترە لەیەدەگی هەریەك لەمیسرو گانا. لە گوندی کوردەمیر بیر لێدراوەو پشکی ٤٠%ی دراوەتە ویسترۆن زاگرۆسی کەنەدیو ٤٠%ی پشکی تالیسمان ئینەرجی و ٢٠%ی کیپکۆ.

لەم بلۆکە (٦٥)ملۆن بەرمیل کۆندێنسەیت بونی هەیەو نزکیەی (١'٢) ترلیۆن پێ سیجا گازی سروشتی تیدایە.

### پێنجەم: بلۆکی تۆپخانە

بلۆکی تۆپخانە ڕێژەیەك گاز کۆندێنسەیتی تێدایەو لەساڵی (٢٠١١) بیرێکی تێدا لێدراوە بۆ تاقیکردنەوەو بڕی (٧'٤٥) ملیۆن پێ سێجار لەیەك ڕۆژدا گازی لێدەرهێنراوە، هەروەها (١٦٠٦)بەرمیل کۆندێنسەیتی لێوەرگیراوە. بەڵام تائیستا یەدەکەکەی بە دیاری کراوی نەسەلمێنراوە .

تێکرایی بلۆکەکانی گازی سروشتی هەرێم، رونی ئەکەینەوە لەسنوری پارێزگایی سلێمانی و گەرمیان سەرەرایی بونی برێکی زۆر لەنەوتی خاو لەگازی سروشتیدا دەوڵەمەندن و نزیکەی (٧٠ تا ٨٠ %) گازی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ئەم سنورەوە، تەنانەت هەرچەندە گاز لە کوردستان دەرهێنرابێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا یان هەرشتێکی تر بەکارهێنرابێت ئەوە گازی ئەم سنورەبوە، کەواتە سەرجەم بەڵێن و رێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێم نەك تەنها لە گازدا بەڵکو لە وزەی هەرێم لەسەر حسابی سنوری گەرمیان و سلێمانیە بەرێژەی قورسایی (٨٠%)ی رێککەوتنەکان، ئەوەش رونە لای هەموان هەرێمی کوردستان بەبێ پلان هەناردەی نەوتی کردوەو ئامانجێکی رونی نەتەوەی لەپشتەوە نەبووە ئەوەندەی بەرژەوەندی کەسی و حزبی رۆڵی تێدا گێراوە.

باشتر وایە بۆ گازی سروشتی و چۆنێتی بەبازارکردنی پلان هەبێت و کەسانی شارەزا و بەئەزمون رۆڵیان هەبێت و دواتریش ئامانجی سەرەکی پشتی رێکەوتنەکان دانیشتوانی هەرێم بن و لەرەزالەت رزگاریان ببێت نەك دیسانەوە دوایی زەمەنێك لەهەناردەکردنی وزەی هەرێم لە گاز و نەوت بێینەوە سەرهەمان رەوشی پێشوو دەستە وسان بین.




# رۆلێ وڵاتان لە بەرهەم هێنانی گازی هەرێمدا

ئەمرۆ وزە ئەوەندەی چەکێکی سیاسیە ئەوەندە رۆڵی ئابووری نیە، وڵاتان بۆ دروستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی و هەڵگیرسانی شەر و لاوازکردنی بەرامبەرکەیان یان نەیارەکانیان بەکاریدەهێنن، هەنوکە هەرێمی کوردستان کەوتوە بەینی بەرداشتی وڵاتانەوە لەرویی بەرهەمهێنانی وزەوە .



# ڕوسیا

پێش ڕودانی کێشەکان لەنێوان ڕوسیا و ئۆکرانیادا ڕوسیا نزیکەی (٧٠ %) ئەو گازەی هەناردەی دەکرد لەرێگەی ئۆکرانیاوە بوو بۆ وڵاتانی ئەوروپا، پاشتر لە ساڵی (٢٠٠٦) و دواتری کێشە کەوتە نێوانی ڕوسیا و ئۆکرانیا بەتایبەت لەسەر ئەوەی ئۆکۆانیا ئەیویست (نرخی ئەو گازەی بۆ ناوخۆی بکاری ئەهێنێت لەلایەن ڕوسیەوە کەم بکرێتەوە) خاڵی دوەمیش (ئەو پشکەی کە بۆی دیاری کرد و بەهۆی گواستنەوەی گازەکەوە ئەبوایە ڕوسیا زیادی بکردایە) ئەو کێشەیە درێژەی کێشا تاساڵی (٢٠٠٩) و دواتر کێشەکان قوڵتر بونەوەو ئەوە بوو هەم ئەوروپا و هەم ڕوسیاش بەدوایی ئەڵتەرناتیف دەگەران بۆ ئەوەی هەم ڕوسیا گازی خۆی لەرێگەیەکی ترەوە بنێرێت بۆ ئەوروپا، نەوەك ئوكرانیا ببێت بەکێشە بۆی و ڕۆژێك ئەورپا کریارە کانی لەدەستی دەربێنێت.

وەهەرچی ئەوروپاش بیری لەوە دەکردەوە هەموو تەرکیزی لەسەر ڕوسیا نەبێت، چونکە ئەو دەترسا ڕوسیا بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ ئۆکرانیا نەتوانێت پێداویستیەکانیان لە گازی سروشتی پربکاتەوە، لەئەنجامی ئەوەش سێ پرۆژە لە دونیادا دروست بوو بریتی بوون لە:

یەکەم: نابۆکۆ (پرۆژەی بۆری نابۆکۆ): پرۆژەکە دروستکردنی بۆریە بۆ وەرگرتنی گازی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیایی ناوەراست بۆ ناوخاکی تورکیاو دواتریش لەوێوە بۆ وڵاتی نەمسا و لە وێشەوە هەناردەی ئەورپا دەکرێت.

**دووەم**: پرۆژەی بۆریەکانی (ساوت ستریم): پرۆژی دروستکردنی بۆریەکە بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتی لەرێگەی دەریایی ڕەشەوە لەوڵاتی ڕوسیاوە ڕاستەوخۆ دەگەیەنێتە وڵاتی بولگاریا و لەوێشەوە بۆ ئیتاڵیا و دواتریش هەموو ئەوروپا لێیی سودمەند دەبن.

**سێیەم:** پرۆژەی بۆریەکانی (نۆرز ستریم): ئەوەش پرۆژەی ناردنی گازی سروشتیە لە وڵاتی روسیاوە لەرێگەی دەریایی بەڵتیکەوە راستەوخۆ بۆ کەنارەکانی خاکی ئەڵمانیا و دواتریش لەوێوە بۆ هەموو ئەوروپا دەگوازرێتەوە.

ئەوەش بوترێت ئەوروپا لەرویی بەرهەمی سروشتیەوە خاوەنی گازی سروشتی نین و چاویان لەروسیایە، بۆ پرکردنەوەی پێداویستی رۆژانەیان لە گازی سروشتی بۆ بەگەرخستنی کارگەو تەنانەت بەسەر بردنی ژیانی رۆژانەش، هەربۆیە روسیا ساڵانە بری (١٦٠) ملیار مەتری سێجا گازی سروشتی هەناردەی ئەوروپا دەکات.

کۆی ئەو سێ پرۆژەیە کە باسمان کرد بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی لە دونیادا بونی هەیە، دوانیان لە خزمەتی روسیادایە ئەویش (نۆرز ستریم و سۆرس ستریم)ە، چونکە لەم دوو پرۆژەیەدا روسیا تەنها ئەو رێگەیە ئەگۆرێت  گازەکەی لێوە ئەگوازێتەوە کە ئۆکرانیایە و کڕیارەکانی وەك خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام هەرچی پرۆژەی نابۆکۆیە زیاتر دەستی ئەوروپا و تورکیایی تێدا زاڵەو لەبەرژەوەندی هەردوو بەشدایە، چونکە ئەوروپا سەرچاوەی وزەکەی ئەگۆرێت و دەست بەرویی چەند وڵاتێکی تردا ئەکرێتەوە کە ئێران و کوردستان و قەتەرە، تورکیاش ئەبێت بەسەرچاوەی دابینکردنی گازی سروشتی ئەوروپا و پێداویستیەکانی ناوخۆی خۆشی  دابین ئەکات.

ئەگەر هەڵوێستی وڵاتان روونبکرێتەوە هەموان شارەزان لەرویی سیاسیەوە ئێران لە روسیاوە نزیکە وەك لەوڵاتانی ئەوروپا و تورکیا، کەواتە ئێران نایەوێت بەشداری ئەوپرۆژەیە بێت و روسیاش لەماوەی رابردودا بەدەیان چەکی پێشکەوتووی داوە بەئێران و تەنانەت خودی سەرۆکی روسیاش بۆ زیاتر نزیك بونەوە لەئێران سەردانی رابەری شۆرشی ئیسلامی (عەلی خامنەیی)کردووە.



بۆیە ئەبێت بڵێن، تا روسیا رازی نەبێت لەسەر پرۆژەکەو بەرژەوەندی تێدا نەبێت ئیران گازی سروشتی خۆی لەوێوە هەناردەی دەرەوە ناکات، وڵاتی قەتەریش ناتوانێت بەهیچ رێگەیەك گازەکەی بنێرێتە تورکیا تەنها سوریا نەبێت و هەنوکەش رەوشی ئەمنی سوریا زۆر خراپە تەنانەت ئەگەر خراپیش نەبێت، (بەشار ئەسەد)سەرۆکی سوریا رازی نابێت چونکە ئەویش دیسانەوە لەروسیا و ئێرانەوە نزیکترە وەك لە تورکیا و ئەوروپا، دواتریش ئەبێت گازی قەتەر بچێتە (سعودیە دواتر ئوردن و سوریا) ئەوکات دەگاتە تورکیا و ئەوەش رێگەیەکی ئەستەمە.

لەرویەکی ترەوە کاتێك جەوهەری هەرێمی کوردستان رون ئەبێتەوە لەئاستی دونیادا کاتێك ئەوروپا وەك سەرچاوەی وزەی خۆی سەیری بکات و بەرژەوەندیەکانی هاوتابێتەوە لەگەڵ وزەی کوردستاندا ئەوکاتەش کوردستان لەئێستاش زیاتر ئەبێت بەجێی سەرەنج و بایەخی زیاتری پێدەدرێت.

بەڵام وەك وتمان پرۆسەکە ئەوەندە ئاسان نیە ئەبێت کوردستان نەبێت بەلایەنگر و بەدیلی وڵاتی تر لە هەناردە کردنی گازدا، بەکورتی ئەبێت کوردستان بەکانەهێنرێت و خزمەتی بەرژەوەندی کەسی تر نەکات، بەڵکو بۆخۆی سیاسەتی سەربەخۆی هەبێت، ئێستاش هەرێمی کوردستان لەرێگەی سەرۆکی حکومەتەکەیەوە (نێچیرفان بارزانی) رێکەوتنی لەگەڵ تورکیا کردووەو ئەوەش بەبێ ئاگایی خەڵك و تەنانەت لایەنە سیاسیەکانیش هەموو شاندەکەشی پلەدار و سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەوەش پێمان ئەڵێت ئایندەی گازی هەرێم رەنگە شتێکی لەنەوت کەمتر نەبێت لەرێگەی بەرژەوەندی تایبەت و کەسی و حزبیەوە بەرێوە ئەبرێت.

وڵاتی ئێران دووەمین وڵاتانی دونیایە لە یەدەکی گازدا کە بڕی (٣٢) ترلیۆن مەتری سێجا گازی هەیە، ئێران زۆبەی ئەو گازەی ئەینێریت بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەراستی وەك (چین، پاکستان، کۆیت، تورکیا، سعودیە، هتد)، ئەوەش وادەردەکەوێت لەبەر ڕاگرتنی دڵی روسیابێت و نەیەوێت کێشە بکەوێت نێوانیان .



# ئێران

ئێران لەسەر گازی هەرێمی کوردستان بۆچونی هەیەو پێی باشە هەرێمی کوردستان برێك لەهەناردەی گازەکەی لەرێگەی وڵاتەکەی ئەوەوە بێت بۆ ئەوەی هەم لەرویی سیاسیەوە دڵنیا بێت و هەم لەرویی ئابوریشەوە سودمەند بێت.

کوردستانیش کاتێك بیەوێت گازکەی هەناردەی دەرەوە بکات یەکێك لەرێگەکانی ئێرانە بۆ ئەوەی بگاتە تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا.

لەرویی سیاسیشەوە باشتروایە هەموو رێگەکان تەنها وڵاتێك نەبن بۆئەوەی لەئایندەدا ئێمە توشی هەمان گرفتی روسیا و ئۆکرانیا نەبێنەوە، بۆیە باشترە لە جیاتی ئەوەی یەك پشت و پەنات هەبێت بۆ پاراستنت چەند جیاواز هەمەجۆربن باشترە، واتە هەم ئێران رێگەی گواستنەوەی وزەی هەرێم بێت و هەم تورکیا.




# توركيا

وڵاتی توركیا بۆ ڕۆژانە پێویستی بە برێکی زۆری گازی سروشتی هەیە کە ساڵانە پێویستی بە (٥٠) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە، لەو رێژەیەش ٩٥% لەدەرەوە دەهێنێت، روسیا بری ٦٠% دابین دەکات، ٨٫٩ ملیار مەتر سێجایی ئێران دابینی دەکات، وە ٦٫١ ملیار مەتر سێجایی ئازەر بایجان دابینی دەکات.

لەئێستادا توركیا ئەیەوێت بەهۆی دروست بونی کێشەکانیەوە لەگەڵ روسیادا چەن سەرچاوەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی گازی سروشتی خۆی، کەنزیکترین ب و باشترین ئەڵتەرناتیڤی هەرێمی كوردستانە. هەربۆیە توركیا لەئێستادا چاوی لەسەر هەرێمەو نایەوێت ئەو سەرچاوەیە بۆ وزەی خۆی لەدەست بدات.

هەرچی هەرێمی كوردستانیشە لەئێستادا بەتەواوەتی لەژێرهەژمونی توركیادایەو پارتێکی سیاسی وەك (پارتی دیموكراتی كوردستان) وەك دەستە راستی توركیا وایەو بەتەواوەتی هاورایی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتەیە، بۆیە ئەوەندەی توركیا سودمەند ئەبێت لە وزەی هەرێمی كوردستان نیو ئەوەندە هاوڵاتیانی هەرێم ئاگادار و سودمەند نین.

# بەکورتی



# د.غالب محمەد

هەرێمی کوردستان لەمێژوی دێرینیەوە تا ئەمڕۆ ڕەنگە هیچ کات ئەوەندەی ئێستا چاوی لەسەر نەبوبێت و وڵاتان گرنگی و بایەخی ئەم هەرێمەیان نەزانیبێت، لەلایەکی تریشەوە لەئاستی سیاسیدا ڕەنگە کەم کات هەبوبێت ئەوەندی ئێستا هەڵوێستەکەمان لەئاستی نێو نەتەوەیدا بەهێز بوبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ ئەم هەرێمە بوە ئەوەی ڕێرەوی سیاسەتەکەی ئەنوسێتەوە بەتەنها و بەدیاری گراوی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستی لە گیرفانی خەڵکی خەبات گیر و ماماوندیی میللەتەکەدایە، نابێت ئەو حزبە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەڵیننامەی (٥٠) ساڵی لەگەڵ تورکیا بکات لەسەر حسابی نەوت و گازی بلۆکی میران سنوری سلێمانی و کەچی لەولاشەوە لە خزمەتگوزاری و پێدانی پشکی هاوڵاتیاندا بەقەد رابردوی کەمتەرخەم بێت، تەنانەت خودی هاوڵاتینیش ئەبێت چاوکراوەبن و ڕێگە نەدەن لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی حزبێکی دیاری کراو پشکیان لەسامانی سروشتی ئەم هەرێمە هەرزان فرۆشبکرێت.

ئەگەر نەوت بەلارێیدا بردبین باشترە گاز ڕێگە نیشاندەرمان بێت، واتە ئەبێت گازی هەرێم گرەوی پێدانی کارەبایی (٢٤)کاتژمێری و نەوتی سپی و بەنزین و خزمەتگوزارییەکانی تربێت بۆ هەرێمی کوردستان، واتە سەرەتا پێویستە ڕێگەی خۆشبەختی و کەم کردنەوەی کێشەکانمان بێت و دواتریش هەنگاوی مەزنی ئێمە بێت بەرەو سەربەخۆی و بنیادنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لەرویی سیاسی و ئابوریشەوە .

## سەرچاوەکان


١. هەرێمی کوردستان پرۆژەکانی گازی سروشتی، دکتۆر قەیوان سیوەیلی.
٢. نەوتی خاو و کانزا سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستان، دکتۆر قەیوان سیوەیلی.
٣. راپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیایی دانا گاز شارقە /ئازاری ٢٠١٣.
٤. راپۆرت و نەخشەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەسەر وزەی گازی هەرێم.
٥. راپۆرتی ویسترۆن زاگرۆسی کەنەدی لە سەر یەدەکی بلوکی کوردە میر و بلۆکی گەرمیان.
٦. ڕاپۆرتی کۆمیت گروپ لە سەر یەدەکی نەوتی چەند بلۆکێك.
٧. حفر ابار البترۆل و الغاز، ن، سبيردا، ی.صۆلۆفيۆف.
٨. الغزات الصناعيە، دکتۆر ئەنوەر عبدالواحد.
٩. © ٢٠١٥ The NEED Project 8408 Kao Circle, Manassas, VA 20110 1.800.875.5029 www.NEED.org
١٠. European Gas Advocacy Forum A Positi on Paper by the.
١١. investorrelations@westernzagros.com
١٢. Kurdistan & Northern Iraq Operator Activity Map November 2014

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

بەشی ئابوری

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

2016